بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ (1)

(ق): یەکێکەلەو پیتانەی کەقورئانی لێ پێك هاتووە، سوێند بەقورئانی بەرزو بڵندو پایەدار (تۆ ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم نێردراوی لەلایەن خواوە).

بَلْ عَجِبُوا أَن جَاءهُمْ مُنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ (2)

(خەڵکی، نەك باوەڕیان نەکرد) بەڵکو سەرسام بوون لەوەی کەیەکێ لەخۆیان نێردراوەتا دایان بچڵەکێنێ و بێداریان بکاتەوە، کافران وتیان: ئەمەشتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە(بەتایبەت کەباسی زیندووبوونەوەدەکات)، بۆیەوتیان:

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ (3)

کاتێك مردین بوینەخاك (چۆن زیندوو دەبینەوە؟!) زیندووبونەوەی دوای مردن گەڕانەوەیەکی ئەستەمە! (پەروەردگاریش بۆچوونەکانیان ڕەتدەکاتەوەو دەفەرموێت:)

قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ (4)

خۆ ئێمەدەزانین کاتێك کەمردن، زەوی چۆن بەرەبەرەلاشەیان دادەڕزێنێت و دەیکاتەوەبەخاك، ئێمە(تۆمارگەی) تایبەتیمان هەیە، کەهەموو شتێکی تیا تۆمارەو هیچ شتێك لەبارەی ئەوانەوەلەئێمەشاراوەو بزر نیە.

بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ (5)

کەچی ئەمانەدژی ڕاستین و بەدرۆی دەخەنەوە، بەڵکو ئەوانەلەسەرگەردانی و سەرلێشێواویەکی ئاڵۆزدا دەژین.

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ (6)

ئایا لەو ئاسمانەی کەبەڕاسەریانەوەیەورد نابنەوە: چۆنمان دروستکردووەو ڕازاندومانەتەوەبەجۆرێك هیچ کەم و کووڕی و کەلێنێکی تیا نیە؟!

وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ (7)

هەروەها زەویمان ڕاختسوەو بڵاومان کردۆتەوەو کەژو کێومان لەسەری دامەزراندووە، وەلەهەموو جۆرەڕووەکێکی جوان و بۆنخۆش و تامدارمان تیادا ڕواندووە.

تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ (8)

(ئەمانەهەرهەمووی) بۆ چاوکردنەوەو یادخستنەوەیەبۆ هەموو ئەو بەندانەی کەبەلای ئێمەدا دێنەوەو ڕەزامەندیی ئێمەیان مەبەستە.

وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ (9)

لەئاسمانەوەئاوێکی بەپیت و بەرەکەتمان دابەزاندووە، وەبەو هۆیەوەباخات و دانەوێڵەی جۆراوجۆرمان پێگەیاند.

وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ (10)

هەروەها دارخورمای قەشەنگ و بڵند سەری هەڵدا کەهێشوەخوارمای جوان و لەسەر یەك و ڕیزکراو دەگرێت.

رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ (11)

ئەمەش ببێتەڕزق و ڕۆزی بۆ بەندەکان.. وەهەر بەئاوو بارانەشوێنەمردووەکان زیندودەکەینەوە، هەر ئاوەهایش لەدوای مردن زیندووکردنەوەپێش دێت.

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ (12)

پێش ئەمانیش (خوانەناسانی مەککەو دەوروبەری)، قەومی نوح، پێغەمبەرەکەیان بەدرۆ خستەوە.. هەروەها خاوەن بیرەکان و (ثمود) قەومی صالْح.

وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ (13)

قەومی هود، فیرعەون، براکانی لوط، (واتە: قەومەکەی).

وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ (14)

خاوەن باخەچڕەکان، وەقەومەکەی (تبع)یش، (کەیەکێك بووەلەپاشاکانی دەوڵەتی حومەیری لەیەمەن)..

هەریەکەیان پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە، ئیتر شایستەی پێشهاتنی هەڕەشەی ئێمەبوون.

أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ (15)

ئایا ئێمەلەسەرەتاو یەکەم جاردا ئەو خەڵکەمان دروستکرد ماندوبووین و گیروگرفت هاتەڕێمان؟! تا ئەوانەلەدروستکردنی تازەدا (لەڕۆژی دواییدا) دوودڵ بن و گومانیان هەبێت؟!

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ (16)

هەر ئێمەین کەئادەمیزادمان دروست کردووەو دەزانین چی بەدڵ و دەروونیدا دێت... وەئێمەلەشاڕەگی دڵی لێی نزیکترین.

إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ (17)

(ئێمە) دوو فریشتەمان کردووەبەچاودێری ئادەمیزاد کە، هەموو گوفتارو کردارێکی تۆمار دەکەن (بەدەزگای زۆر پێشڕەفتەتر لەوەی کەئادەمیزاد تا ئێستا پەی پێ بردووە).

مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ (18)

هەر قسەیەکی لەدەم دەرچێت خێرا چاودێرێکی ئامادەتۆماری دەکات.

وَجَاءتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ (19)

(ئەی ئینسان! سەرئەنجام تەنگانەی) مردن و ئازارەکانی بەڕاستی یەخەت پێ دەگرێت، (ئەوسا پێت دەوترێ:) ئا ئەمەئەو بەسەرهات و ڕووداوەیەکەخۆتت لێ لادەداو پەنات لێدەگرێت.

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ (20)

لەوەودوا فوو دەکرێت بە(صور)دا، ئیتر ئەمەڕۆژی پێشهاتنی هەڕەشەو ئاگادارکردنەوەکانە.

وَجَاءتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ (21)

ئەو ڕۆژەهەموو ئادەمیەك دوو کەسی لەگەڵدایە، یەکێکیان دەیگەیەنێت و، ئەوی تریشیان شایەتەبەسەریەوە.

لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ (22)

بە(یەکەیەکەی) بێ باوەڕان دەوترێت: بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانەنائاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو.. ئێستا ئێمەپەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو، هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و چاوەکانت تیژە.

وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ (23)

فریشتەی هاوەڵ و چاودێری ڕوو بەپەروەرگار دەڵێت: هەرچی کارو کردەوەی ئەم ئادەمییەهەیەهەموو ئەوەتەلای من، و یاداشت و تۆمارم کردووە.

أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ (24)

(دوای لیپرسینەوە، خوا فەرمان دەدات) هەرچی کافرو بێ باوەڕێکی سەرکەش و بوغزن هەیەفڕێی بدەنەناو ئاگری دۆزەخەوە.

مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ (25)

(ئەو بێدینەی) کەهەمیشەبەتوندی قەدەغەی هەموو خێرو چاکەیەکی دەکرد، مافی خەڵکی پێشێل دەکرد، خۆی بەگومان بوو، خەڵکیشی دەخستەگومانەوە...

الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ (26)

هاوەڵ و شەریکی بۆ خوا بەڕەوا دەزانی.. کەواتەئێوەهەردووکتان ئەو ئادەمیەفڕێ بدەنەناو سزای سەختەوە.

قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ (27)

هاوەڵە(شەیتانەکەشی پاکانەدەکات و) دەڵێت: پەروەردگارا خۆ من لەخشتەم نەبردووە، من سەرکەشم نەکردووە، ئەوەخۆی تاوانبارە، خۆی لەنێو گومڕایی و سەرلێشێواویدا نوقم بووە.

قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ (28)

(جا ئەو کاتەی کەشەیتان و ئادەمیزاد ئاوا لەبەردەم دادگای خواییدا دەبێتەکێشەیان، خوا بێدەگیان دەکات و) دەفەرموێت: شەڕەدەمێ لەلای مندا مەکەن، چونکەمن پێشتر هەڕەشەی هاتنی ئەم ڕۆژەم خستبووەبەرچاوتان و، پێم ڕاگەیاندبوون.

مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ (29)

دەی ئیتر قسەلای من ناگۆڕێت و بڕیارم هەڵناوەشێتەوە.. من ستەمکاریش نیم لەبەندەکانم و، مافیان پێشێل ناکەم.

يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ (30)

ڕۆژێك دێت بەدۆزەخ دەڵێن: ئایا پڕ بوویت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: ئایا كەسی تر ماوە؟ ئایا (خەڵكی) زیاتر نیە؟!

وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ (31)

لەولایشەوەبەهەشت نزیك خراوەتەوەلەخواناسان و پارێزكاران و باوەڕداران، بێ ئەوەی دووربێ لێیان...

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ (32)

ئا ئەمەئەو بەڵێنەبوو كەدرابوو پێتان، بۆ هەموو ئەوانەی كەهەردەم تەوبەكارو خۆپارێزن لەگوناهو نافەرمانیی پەروەردگار.

مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ وَجَاء بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ (33)

ئەم (بەختەوەرە) كەسێكەهەردەم لەخوای میهرەبان ترساوەو، لەپەنهاندا خۆی لەگوناه پاراستووە، بەدڵێكی بائاگاو تەوبەكارەوەبۆ بارەگای خوا هاتۆتەوە.

ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ (34)

جا پێتان دەوترێت: بفەرموون بچنەناویەوەلەگەڵ ئاشتیی و ئارامیەكیی بێ سزاو ئازار، (سڵاوی خوای میهرەبان و فریشتەكانیشتان لێ بێت.. ئا ئەمەئیتر ڕۆژی نەمریی و ژیانی هەمیشەییە).

لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ (35)

هەرچیش داوای لێ دەكەن و حەزی لێ دەكەن بۆتان ئامادەیەتیایداو زۆر لەوەش زیاترمان لایە(بەردەوام پێشكەشتانی دەكەین).

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ (36)

(ئەوەبێ باوەڕان بۆ پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن؟!) خۆ ئێمەچەندەها هۆزو نەتەوەی پێش ئەوانمان لەناو بردوو، تۆڵەمان لێكردنەوە، كەلەمان

بەدەسەڵات ترو بەتوانا تر بوون، خۆ ئەوان بەشارەکان و شوێنەوارەکاندا گەڕاون و تێپەڕبوون، ئایا هیچ دەربازبوونێك لەسزاو تۆڵەکان بدەی دەکرێت؟!

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ (37)

بەراستی ئالەو بەسەرهاتانەدا یاداوەریی هەیەبۆ کەسانێك کەدڵێکی زیندوویان هەبێت، یاخود گوێ بۆ قورئان ڕادێرێت و ئامادەبێت بۆ فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی هەموو کارێکی ڕاست و دروست.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ (38)

بەڕاستیی ئێمەئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیەبەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ جۆرەماندوویەتیەکیش رووی تێنەکردین.

فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ (39)

(تۆ ئەی پێغەمبەر!صلی اللهعلیەوسلم) دان بەخۆتا بگرەلەبەرانبەر ئەو هەموو ناحەقی و نادروستییانەوەدەیلێن و دێتەڕێت، جا بۆ بەرگەگرتنی ئەو گیرو گرفتانەی کەیەخەت پێ دەگرن، لەهەموو بەیانیەکان و ئێوارەکاندا تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە.

وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ (40)

لەشەوگاریشدا تەسبیحات و ستایشی بکە، وەبەدوای نوێژەکانیشدا (ذکر)ی خوا بکە.

وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ (41)

گوێ بگرە!!.. ڕۆژێك دێت بانگکەرێك بانگ دەکات لەشوێنێکی نزیکەوە.

يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ (42)

ئەو ڕۆژەی کەدەنگێکی بەرزو سامناك بەڕاستی دەبیستن، ئیتر ئەو ڕۆژەڕۆژی هاتنەدەرەوەیەلەناو گۆڕو لەتوێی زەویدا.

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ (43)

بەڕاستی ئێمەژیان دەبەخشین و، مردنیش بەدەست ئێمەیەو، گەڕانەوەش بۆلای ئێمەیە.

يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ (44)

ڕۆژێك دێت زەوی شەق دەبات و خەڵکیش لەگۆڕەکانیان بەگورجی دێنەدەرەوە.. ئەو کۆکردنەوەیە(بۆ لێپرسینەوە) لای ئێمەکارێکی زۆر ئاسانە.

نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ (45)

(ئەی محمد! صلی اللهعلیەوسلم) ئێمەچاك ئاگادارین کەچی دەڵێن و چۆن لەڕووی ئەم حەقیقەت و ڕاستییەدەوەستن!..خۆ تۆ زۆردار نییت تا بەزۆر باوەڕیان پێ بێنێت.. تۆ تەنها ئەوەت لەسەرەکەبەقورئان یاداوەریی ئەو کەسانەبکەیت کەلەئاگادارکردنەوەکانی ئێمەبەهۆشی خۆیاندا دێنەوەو لەهەڕەشەکانی ئێمەدەترسن.